# پەنا بۆ بەر سێبەری خانەقا

Mamand Jahanmihan



٢. "مەولوودی"

هەر کە گزینگی دەدا و ڕۆژ دادەهات، تەلەیفوونی ماڵی شێخ وەقیرەقیر دەکەوت، دەتکوت مریشکی سەربەکڵاوەی بەهێلکەیە، لە دەرکی کولانە گارەگاریەتی و بە دوای ڕاوکە دا دەگەڕێت.

قرچەی نیوەڕۆ، لە ژوورەکەی خۆم خەریکی خواردنی گۆشتاوی قازەکەی عەبدولقادر بووم کە شێخ سەری بە ژوور داکرد و فەرمووی :دەروێش سمایل! خۆت ساز کە، ئێوارە تۆزێک فێنک بوو، دەچین بۆ مەولوودی.

کوتم: من سەرم دێشیت و تا و یا و ژان و برکم پێدادێت، ناتوانم بێم.

کوتی: دەروێش سمایل، دەزانم تۆ باوەڕت بەم جۆرە شتانە نییە و گاڵتەت پێی دێت، بەڵام لەگەڵمان وەرە، دڵنیام پێت ناخۆش نابێت، دەروێش سمایلی پیریش لە گەڵمان دێت.

سەرلەئێوارە ماشێن بە دواماندا هات و وەڕێکەوتین، کە گەیشتین، لای سەروویان بۆ چۆل کردین و دوای دەست راموسینی شێخ، لە تەنیشت یەک دانیشتین.

چاوم بە چوار دەورم گێڕا، هیچ کەسم نەدەناسی، دوو پیاوی دەوڵەت بە جل و بەرگی بەڵەک لە ناو ئاپۆرەی دەروێش و سۆفییەکان دانیشتبوون و سەریان داخستبوو، شێخ کە بە سیلەی چاوی ڕوانی و بە ترس و پەرێشانی منی زانی، دەستی بۆ ڕاداشتم و فەرمووی: دەروێش سمایل و باوک و باپیرانی لە مریدانی وەفاداری خۆمانن، ئەو ڕۆژانە جووتی کردووە و بوورە بەیاری کێلاوە و تراکتۆری وەرگێڕاوە و بریندار بووە، ئیتر بە تێگرا دەستیان هەڵێنا و دووعای بەخێریان بۆ کردم.

دەفە لێدان و مناجات دەستی پێکرد "ڕووحم بە فیدات ئەی گوڵی گولزاری مەدینە"، لە سەرکێش و هەوای "ئەم پەرچەم و ئەگریجە هەموو دوژمنی دینە"، بەدەنگێکی خۆش و پڕ سۆز و جۆش خویندرا، پۆلێک سەریان لەبەر خۆیان نابوو و وێک هاتبوونەوە، هێندیک بە هەوای ئاهەنگەکە بەئارامی خۆیان ڕادەژاند.

ئەو جار دوو کەس دەستیان کرد بە خوێندنی گۆرانیی "ئەی موتریبی حەریفان" و "ساقی دەروێشان" و "زەمزەمەی بولبولی بەهاران." جار جار لە سووچێک، کەسێک دەنگی هەڵدێنا و هاواری دەکرد یا غەوسەکەی بەغدا، یا شای نەقشبەند، یا پیری پیرانی بوخارا.

سەرم سوڕ مابوو، ئەو گۆرانی یانەی ئەوان دەیانخوێند، من بەم ڕۆژگارە، لەم دەم چەم و مێشە و ئاوە گوێم لێببوو و خۆشم خوێندبووم، بەڵام پێوەندی ئەم گۆرانییانە لەگەڵ مەولوودی چی بوو، تێنەدەگەیشتم و بۆم جێبەجی نەدەبوو.

کۆڕەکە بەجارێک گەرم ببوو، منیش تەمی ئەم ترس و گومانەی لێم نیشتبوو، تارابوو و ڕەوی بۆوە و لەبیرم چووبۆوە کە لە کوێم و خەریکی چیم.

لەناکاو هەر بە هەوای ناو باخ و چۆم و ئاو و گەرەلاوژەی ناو چەقەخانەی مزگەوتەکان ، لە شەوانی بەستەڵەک و ویشکەبەندی زستان، دەنگم هەڵێنا و دەستم پێکرد، "ئەی موتریبی حەریفان دەست بکە بە نەغمە خوانی" و، مقامی "بۆ فریوی ئاشقان" و، ئیتر مەودام بەکەس نەدا و یەک لە دوای یەک ئەوەی دەمزانی خوێندم، دەروێش لە خۆشیان هەر هاواریان دەکرد "ئەی لە کاکت کەوێ!" و بۆیان لە گەردنی خۆیان دەدام.

دوو کەس هاتبوونە پەنا گوێم و بە جۆش و خورۆشەوە دەفەیان دەژەند، ترسم لێ هاتبوو کە نەکاو یەکیان حاڵات بیگرێ و جەزم بێ و زەرگێک، شیریک، سووژنێکم تێکوتێت، ئەوجار بە هیچ دوکتور و دەرمانێک چارەم ناکرێت.

شەو داهات و تاریکی خۆی بەو ناوەدا کێشا، چاوم لێبوو چەند کەس هەستان و بە سپایی گۆشەی پەردەکانیان کێشا و چراکانیان خامۆش کرد، نە کەس کەسی دەدیت و نە دەنگی هەناسەی کەست دەبیست و نە هەستت بە بوونی کەس دەکرد.

من بەجارێک خاو ببوومەوە و هەستم  بە ئارامی دەروون و ئاهۆنی دڵ و گیان دەکرد، من نەمزانی ئەم خامۆشی و بێدەنگییە لە بەر چی بوو، تا دواتر لە شێخم پرسی و فەرمووی: ئەوە بۆ رێز گرتن لە سۆفییەکانی "رێبازی نەقشبەندی" بوو.

دواتر کە ماڵئاواییمان کرد و وەرێکەوتین، شێخ فەرمووی: دەروێش سمایل! تۆم بە زۆری هێنا و، هەزار و یەک بەهانە و بڕ و بیانووت دەهێنا، کە چی دەروێش و سۆفی لە پەل و پۆ کەوتبوون، تۆ دەستت هەڵنەدەگرت.

بەو قسەیە زۆر بەخۆمدا شکامەوە، شێخ کە بەوەی زانی، بە مێهرەبانی دەستی خستە  سەر شانم و فەرمووی: لە ترسی هاشم و رەحمان ناوێرم ئەگینا  تۆ بۆ دەروێش دەنالێ!

**********

دوای خواردنی شیوی شەو، لە گەڵ دەروێش سمایلی پیر لە حەوشە دانیشتبووین کە شێخ بانگی کردین، شێخ لە سەر کورسیەک دانیشتبوو و دەفەیەک کە چواردەوری  شێعری "مەولانای بەلخی" لەسەر کەندەکاری کرابوو، بەدەستەوە بوو.

شێخ چەند جار دەفەکەی هێنا و برد و ئەم دیو ئەو دیوی کرد و لەپی دەستی لێ خشاند و بە سپایی پەنجەکانی لێ بزاوت و لەناکاو وەک هەوری بەهار بگرمێنی، بە دەنگێکی سێعراوی شێعری "چاوەڕێی موژدەی نەسیمم تا لە گوڵشەن دێتەوە " حەریق"ی بە مقامی هیجران کوتەوە.

دەروێش سمایل چیتر فرمێسکەکانی بۆ ڕاگیر نەکرا و دەستی کرد بە گریان، منیش لە خۆشییان هەموو گیانم ببوو بە گوێ و، مووی جەستەم قرژ ببوو و تەزووی گەرمم پێدادەهات، تا کۆتایی نەهات چاوم لێ نەتروکاند.

هەر ئەو شەوە شێخ ئاگاداری کردمەوە کە سەر بەیانی زوو، بۆ چارەسەری من بەرە تەورێز وەرێ دەکەوین.

.ئەی نیشتمان!  ئەم کورتە ژیانەمان بە چ چەرمەسەری و کوێرەوری و دەربەدەرییەک تێپەڕاند.

.ماویەتی.....

# .تەریقەتی قادری،  ئەم تەریقەتە لە لایەن  "شێخ عەبدولقادری گەیلانی" "غەوس" دامەزراوە، پێشینەی دێرینەی لە کوردستان هەیە بەلام "مەلا معروفی نۆدی " لە سەرەتای ساڵانی ١٨٠٠ زایینیدا پەرەی پێداوە و بووژاندوویەتەوە.

##تەریقەتی نەقشبەندی، مەلا خالیدی شارەزووری دوای گەڕانەوەی لە "مەککە" لە گەڵ دەروێشێکی هیندی بە قووڵایی ئێراندا تێدەپەرێ و دەچێتە "دهلی". لە هیندستان لەلای شا عەبدوڵلا دهلەوی فێری تەریقەتی نەقشبەندی دەبێت و ناسناوی مەولانا وەردەگری و دەگەرێتەوە کوردستان، بەڵام پیاوێکی هەژاری بێ زەوی و زاری شارەزووری بێت و تەریقەتێک دامەزرێنێت، لە سەری گران دەکەوێ، بۆیە بە ناچاری کوردستانی بەجێ هێشت و لە دمشق گیرسایەوە و تا مرد هەر لەوێ

مایەوە.

###هێندێک مالی شێخان و تەکیە و خانەقاکان، هەر دوو تەریقەت پەیرەو دەکەن.

###.هەر دوو تەریقەت لە هەر چوار پارچەی کوردستان، لە ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی رزگاریی نیشتمانی کوردستان دەوری زۆر کاریگەریان گێڕاوە.

#####وێنە: لە گووگل وەرگیراو